به بۆنەی بیست و یەکەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# ڕامان، خاوەنی گوتاری بووژانەوە و پێوەندیکردن و کەسایەتیی ڕۆشنبیرییە

غازی حەسەن

نووسین لەبارەی ئەو شتانەی خۆشت دەوێن، قورسترە لەو بابەتانەی شایەنی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانەن، تەنانەت ڕەتکردنەوەشن. نووسین لەبارەی یادی بیست و یەکەمین ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری سەنگینی ڕامان، کە خۆی لە پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری سەردەمانەدا دەنوێنێت، کارێکە وەستان و ویژدان، ئینجا هاندان و بەردەوامی پتری پێویستە.

## ڕامان لە پیرمام

یەکەمین ژمارەی گۆڤاری تەمەن درێژی ڕامان بەنێوی تێڕامان دەرچوو، ژمارەی دواتر لەبەر خراپ لێکدانەوەی ناوەکە لە زاری زاروەکەرانی بادینان، گۆڕا بۆ ڕامان. ئەو کاتە هەولێر لەژێر کۆنترۆڵی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا بوو، لە بەستۆڕەوە تا سنوری زاخۆش لەژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. کاک ئازاد عەبدولواحید، وەک ئێستا بەتین و تاوێکی زۆرەوە، کە نەیدەتوانی بێتەوە هەولێر، لە پیرمامەوە لە ڕێگەی حزبەکانی کوردستان و ئەو برادەرانەی لە پیرمام هاتوچۆی دەزگاکانی سەر بەئۆپۆزسیۆنی ئێراقیان دەکرد، هەواڵی ئەم پرۆژە ڕۆشنبیرییەی بۆ ڕۆشنبیران نارد، بەتایبەتیش ئەوانەی متمانەی پێیان هەبوو، یەکێک لەوانە من بووم، کە ئەوکات شەرەفی بەشداریی نووسینم لە ژمارە هەرە بەراییەکانی ئەم گۆڤارە ڕۆشنبیرییە پڕ ئەزموون و تەمەن درێژە پێ بڕا. لە چەند ژمارەیەکی دەستپێکدا چەند بابەتێکم لەبارەی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن و فۆلکلۆر نووسی، تا ئەمڕۆش ئاشنای ئەم گۆڤارەم و بەپێی توانایی بابەتی ڕۆشنبیری تێدا بڵاودەکەمەوە. من هاندەری ئەم گۆڤارەم، هەروەها دۆستایەتییەکی بێ مەراییشم لەگەڵ کاک ئازاد عەبدولواحید و کارمەندانی گۆڤارەکە، هەروەها کاکە سەرکەوت وەلی هەمیشە گەنج هەیە. پێم وایە دەرچوونی ڕامان، بەردەوامیدانە بە پرۆژە ڕۆشنبیرییە جددییەکان.

## ڕامان کۆشکێکی بەرزە لەنێو قەڵای ڕۆژنامەگەری کوردیدا

دەرچوونی ڕامان بەشێوەی مانگانە و لەکات و ساتی خۆیدا بەدرێژایی بیست و یەک ساڵ، گرینگییەکی زۆری

له مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا دەبێت، ئەم گۆڤارە بەشێکی زۆری بەردەوامییەکەی پەیوەستە بەپێداگری سەرنووسەرەکەی و ئەو کەسانەی لەم گۆڤارە بەشێوەیەکی بەردەوام کار دەکەن، بۆیەشە دەتوانم بڵێم بەردەوامبوون و دەرچوونی ڕامان بەم جۆرە و بەشێوەی مانگانە و لە بیست و یەک ساڵی ڕەبەقدا بێ پسانەوە و وەستان و بەماندووبوونێکی زۆرەوە، تۆمارکردنێکی مێژوویی گرینگە لەنێو کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردستاندا، واتە ڕامان وەک کۆشکێکی ڕازاوەی مەزن، کە دەرگا و پەنجەرە و دیوارەکانی بە ڕەنگ و بەرهەمی هەمەچەشن و بیر و فیکری جودا و قەڵەمی جودا و لە شار و ناوچەی جودای هەر چوار پارچەی کوردستان ڕازاوەتەوە، وەک کۆشکێکی باڵا و بەرچاو و سەرکەشی نێو قەڵای ڕۆژنامەگەری کوردی دەردەکەوێت.

## ڕامان و زمان، ڕامان و فیکر

ئەگەر بڵێم ڕامان وەک گۆڤار و پرۆژیەکی ڕۆشنبیری، زێدەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم، لە ژمارەی یەکەمەوە بایەخی بە زمان و ڕێنووس و فیکر داوە، تاکە گۆڤاریشە تا هەنووکە ئەو مەسەلەیەی زۆر بەبایەخەوە سەیرکردووە، لەم بارەوە کە هەڵسەنگاندن دەکەم، خۆم بە پەشیمان نازانم. ڕامان لەنێوان فیکری جیاوازی ڕۆشنبیری و زمانێکی پاراوی کوردی و ڕێنووسێکی شیاو، توانیویەتی زەمینەی متمانە بەخۆبوون و متمانە لەنێوان ڕۆشنبیران لە هەر چوار پارچەی کوردستان و بۆ خودی خۆشی ڕۆژ دوای ڕۆژ پتەوتر بکات.

ڕامان دەبێتە سەرچاوەیەکی گرینگی زیندووی زمان و زمانەوانی لەنێو ڕۆژنامەگەری کوردیدا، ئەمەش بۆ دەرخستنی هەڵە و کەموکورتی نییە، بەڵکو بۆ پتەوی و ساغی و ڕاستەڕێ بوونیەتی. ڕامان زمان وەک ئامرازێکی سەردەمیانە لەپێناو دروستکردنی سیستمی پێوەندکردن و بەدیهێنانی کردەی گوتارێکی ڕۆشنبیری روون بەکاردەهێنێت، زمان وەک ڕێسا و زەوییەکی بەپیتی کێڵراو بۆ یەکخستنی کەسێتی ڕۆشنبیری کوردی بەکاردەهێنێت، واتە پرۆژەی زمان لەنێو پرۆژەی ڕاماندا، پرۆژەی نەتەوەیە، پرۆژەی بووژانەوە و پەرەپێدان و یەکخستن و دروستکردنی کەسایەتی ڕۆشنبیری کوردستانییە. وەک ڕێنووس و نەبوونی هەڵەی چاپ و زمان لەنێو گۆڤارەکەش بەدرێژایی ئەم بیست و یەک ساڵەدا، هیچ گومانی تێدا نییە پەیوەستە بەچاوی وشک هەڵاتووی بەرپرس و ستافی گۆڤارەکە و پەنجە ماندووەکانی هەڵەچنەکان و پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی لەڕێ دەرچوونەکانی زمان و پینەکردنی ئەو شوێنانەی لەڕووی زمان و ڕێنووسەوە پێویستیان بە پینەکردن و پینەدۆزی و وشەدۆزی و ڕستەدۆزی و زاراوەدۆزی هەیە، ئەمە کارێکە دەکرێت بڵێم لەبەشێکی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە چاپکراوە کوردییەکانی دوای ڕاپەڕین پشتگوێ خراوە، تەنیا زمان وا شەپرێو کراوە، دەڵێیت شەپرە لێیداوە. وەک پێشتر لەم گۆڤارە نووسیومە گۆڤار و ڕۆژنامەکان دۆزەخیان بۆ زمانی کوردی دروست کردووە.

بەڕاستی ئەم کاری پێداچوونەوە و هەڵەچنی و ڕاستکردنەوەی ناڕاستییەکانی نووسەران لەبواری ڕێنووس و خاڵبەندی و شێوازی نووسین لای هەندێکیان کارێکی هێندە زەحمەتە، نەبێتەوە.. ئاخر بیر لەوە مەکەوە هەموو مانگێک تۆ چەند سەد لاپەڕەیەک دەخوێنیتەوە و چاکی دەکەیتەوە و ئاو بێنە و دەستەکانت بشۆ، نەخێر تۆ سەیری کەسایەتی نووسەرەکان و وردی و ناسکی نووسەرەکان لەبارەی کەسێتی و دەروونییەوە بکە، ئێوە دەزانن هەندێک کەس دەیەوێت بەشێواز و ڕێنووس و بەکارهێنانی زاراوە و پەیڤێکی تایبەتی بنووسێت، بەڵام پابەست بوون بەسیستمی نووسین و بڵاوکردنەوە لە ڕاماندا و بڕوا پێهێنانی نووسەران بۆ ئەوەی ڕێنووسەکە گیرەی تێدا نەکرێت، کاری کارمەندانی ڕامانی لەمبارەیەوە قورس و ئاڵۆزتر کردووە.

زمان لەنێو ڕاماندا، وەک سەرچاوەی توێژینەوەی ئەکادیمی و زانستی زۆر سوودبەخشە، بۆیەشە گەلێک ئاماژە بەوە دەکەن، کە ڕامان سەرچاوەی زۆر لە توێژینەوە ئەکادیمییەکانە، چ لەڕووی زمانەوە، چ لەڕووی نێوەڕۆک و بابەت و هەمەجۆری نووسینەکانییەوە.

## گوتاری ڕامان، گوتاری نەتەوەیە

یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی، کە گۆڤاری ڕامان سەرە خەتی خۆی لەسەر ڕۆناوە، دروستکردنی گوتارێکی ڕۆشنبیری کوردستانی تایبەت بەخۆیەتی. گوتاری ڕۆشنبیری لە ڕاماندا لەسەر بنەمای ڕۆشنبیربوون

داڕێژراوە، نەک ئایدیۆلۆجیا و توندڕەوی و حزبی و دەرگا داخران بەڕووی جیاوازییەکان و قەڵەمە جوداکان و ڕەنگە جیاوازەکان. مەبەستم لە گوتاری نەتەوە، گوتاری کوردستانی بوونە، بەواتای بەدیهێنانی گوتارێکی مرۆییانەی کراوەی هەمەجۆرە، کە پشت بەقبوڵکردن و بڕواپێکهێنانی یەکتر و نەرمە دیالۆگ و ورد لە قسە و گوتن و گەورە لەبیرکردنەوە دەبەستێت.

گوتاری ڕامان، گوتارێکی کوردستانییە، لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا ڕۆشنبیران هاوبەشی و بەشداری تێدا دەکەن.

گوتاری ڕامان گوتاری ڕەخنەگرانەی ڕۆشنبرییە، نەرمە ڕەخنە، بەواتای پێداچوونەوە و بووژانەوە و بەشداری لەبیناکردنی ڕۆشنبیری گشتیدا.

گوتاری ڕامان گوتاری هەموو نەتەوە و ئایین و ئاینزاکانی کوردستانە، بەواتایەکی دیکە، گوتارێک ڕادەپەڕێنێت، کە پشت بەقبوڵکردن و بڕواپێکهێنانی یەکتر لەبواری فیکری و ڕۆشنبیری و بۆچوونە جیاوازەکان دەبەستێت.

گوتاری ڕامان گوتاری فیکر و ڕۆشنبیری و کرانەوەیە بەسەر ڕۆشنبیری گشتیدا لە کوردستاندا.

گوتاری گێڕانەوەی متمانەیە بۆ قەڵەم و ڕۆشنبیری و ڕێزگرتنی کەسایەتی ڕۆشنبیران و تۆمارکردنی مێژووی ڕۆشنبیران لە ڕێگەی دیدار و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی هزری و نووسینەکانی نووسەران بە چەمک و شێواز و بابەتی جیاجیاوە.

دەکرێت لێرەدا ژمارەیەکی زۆری دیکەی ئەو پێکهاتە ڕۆشنبیری و زمانی و فیکری و فەلسەفیانەی لەنێو گوتاری ڕاماندا بەرجەستە کراون، ئاماژەیان پێبکەین، کە بوونەتە بنەما بۆ دەرکەوتنی گوتاری تایبەتی ڕامان، چ وەک پرۆژە، چ وەک تەمەنی درێژی خودی گۆڤارەکە و بەردەوامبوونی، چ وەک نێوەرۆکی بابەتەکانی و ئەو شێوازەی لەڕووی دەرهێنان و بەرگ و دیزان و هونەری هێڵکاری و شێوەکاری و بوارەکانی دیکە لەنێو گۆڤارەکەدا بەرجەستە کراون.

### ڕامان، هەمیشە لەدەرگاکان دەدات، لە عەقڵ و بیردا ڕادەمێنێت

ئەوەی من دەیزانم ئەم پرۆژە ڕۆشنبیرییە، کە خاوەنی هەناسە و سەلیقەیەکی زۆرە، لەچاو تەمەن و لاپەڕەکانی و ژمارەکانی و ژمارەی ئەو نووسەرانەی لەماوەی بیست و یەک ساڵی ڕابوردوودا بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە، خزمەت نەکراوە. خزمەت نەکراوە مەبەستم ئەوەیە پرۆژەکەی ڕامان ڕەنگە لە فیکر و بیری کەسانێکدا وەها مەزەندەی بۆ بکرێت، کە دەبێت ئەم پرۆژەیە خاوەنی دەزگایەکی گەورە و زل و پڕاوپڕ لە توانایی دارایی و مرۆیی بێت، بێ گومان نەخێر، ئەمە وا نییە. ڕەنگە نهێنی سەرکەوتن و بەردەوامی گۆڤارەکەش هەر لە هەناوی ئەم سادەیی و خاکی بوون و کەم تواناییەوە هاتبێت، ئەگەر دەپرسن چۆن؟ دەتوانم ڕاشکاوانە من لایەنگیری ئەو بۆچوونە بم، کە ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی ئابووری و بژێوی نییە، بەقەد ئەوەی پرۆژەیەکی ڕۆشنبیرییە و دەیەوێت فیکر و عەقڵ و توانایی ڕۆشنبیران بژێنێت و بیووژێنێتەوە، بۆیەشە تا ئێستا بەردەوامە و مانگانە دەردەچێت و لە هەمان کاتیشدا بووەتە سەرچاوەی گەشەکردن و پێگەیشتن و کۆکردنەوە و پێوەندیکردن لەنێوان سەدان ڕۆشنبیری گەنج و بەتەمەن و کەسانی ئاست جیاوازی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی لە بوارە جودا جوداکاندا، واتە ئەگەر ڕامان هەمیشە لەدەرگاکان بدات، ئەوە ئەو دەرگایانەی هەڵبژاردووە، کە دەرگای ڕۆشنبیری و خودی ڕۆشنبیرانە، دەرگای کۆکردنەوەی بەرهەم و دروستکردنی پێوەندی نێوان ڕۆشنبیرانە.

واتا بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم، ڕامان شانی داوەتە پاڵ شاخێکی سەخت و قورسی ڕۆشنبیری، هەمیشە لەگەڵ عەقڵ و فیکری ڕۆشنبیران لە پێوەندیکردنی بەردەوامدایە، بۆیەشە ئەگەر بتەوێت بابەتێک لە ڕاماندا بڵاوبکەیتەوە، هەندێک جار پێویستیت بەچەند مانگێک دەبێت، تا نۆرەت دەگاتێ، ئەمەش بەڵگەی پتەوی و ڕەسانەیەتی و گەورەیی ئەو قەمتەرەیەیە، کە هەمیشە بۆ ڕۆشنبیران لەسەر گازەرای پشتە، بۆیە دەتوانم بڵێم ڕامان ماڵی هەمووانە، ڕامان جێگەی بیرکردنەوە و عەقڵ و جیاوازی فیکری و ڕۆشنبیریی هەمووانە. ڕامان ماڵی هەموو ڕۆشنبیرێکە کە قەڵەم و عەقڵ و زمان دەکاتە پێوەر بۆ پێوەندییەکانی خۆی لەبواری ڕۆشنبیریدا، ڕامان ماڵی هەموو ڕۆشنبیرێکی کوردە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا.